# ئێستا ئەڵمانیا گەورەترین کۆمەکبەخشی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین "ئونماس"ە بەمەبستی پاککردنەوەی مەترسییەکانی تەقەمەنی لە عیراق

بەغدا، ٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٨- ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین (ئونماس) دەستخۆشی لە کۆمەکی ١٧ ملیۆن یۆرۆی (٢٠،٢ ملیۆن دولار) حکومەتی ئەڵمانیا دەکات بۆ ئەنجامدانی رووپێوی پاککردنەوەی مەترسی تەقەمەنی وەك پشتگیرییەك بۆ دەستپێشخەریی مرۆیی و سەقامگیرکردن. تێکرای بەشدارییەکەی ئەلمانیا بەبڕی ٤٤،٢ ملیۆن یورۆ (٥٢،٥ ملیۆن دولار) ئەو وڵاتە دەکاتە گەورەترین کۆمەکبەخشی ئاژانسەکە بۆ عیراق لەساڵی ٢٠١٦ەوە.

ئەم کۆمەکەی ئەمدواییە بە بڕی ١٠ ملیۆن بۆ هەوڵە مرۆییەکان و ٧ ملیۆنی تری سەربار بۆ کاری سەقامگیرکردن لە کاتی خۆیدایەتی بەو پێیەی حکومەتی عیراق سەرقاڵی ئاسانکردنی گێرانەوەی زیاتر لە ٣ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆییە بۆ سەر زێدی خۆیان لە ناوچە تازەرزگارکراوەکاندا. ئاژانسەکە چەقی کاری خۆی دەخاتە سەر وشیاریی سەبارەت بە مەترسیی و پاککردنەوەی شوێنە گشتییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی گەڕانەوەیەکی ئارەزوو مەند و سەربەرزانەی عیراقییەکان لەگەڵ دابینکردنی خزمەتە بنەڕەتەکانی وەك ئاو و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی . چالاکییەکان پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین و کەرکوك و نەینەوا دەگرێتەوە.

بێگومان شەڕی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام ) لە عیراق لە ٢٠١٤ەوە بووەتە مایەی بڵاوبوونەوەی ترسی زۆری تەقەمەنی و ئاوارەکردنی زیاتر لە ٣ ملیۆن خەڵك. تەقەمەنی مەترسییەکی گەورەی دروستکردووە بۆ ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان و هەروەها بۆ ئەوانەش کە بەکاری بەهاناوەچوون هەڵدەستن بەتایبەتیش لە ناو شارەکاندا کە لەوێدا تەقەمەنییەکان زیاتر کەوتوونەتە ژێر داروپەردووی خانووە رووخاوەکان. ئەمەش مەترسی بۆ کارکەرانی مرۆیی دروستکردووە لە کاتی گەیاندنی یارمەتییەکانیان بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە. لەمەش زیاتر خەڵکێکی زۆریش ماڵ وحاڵی خۆیانیان لە ترسی ئەو تەقەمەنییانە جێهێشتووە.

لەلایەکی ترەوە، ژێرخانە بنچینەییەکانی وەك دەزگای ئاوپاڵاوتن و نەخۆشخانە هەر بە پەککەوتوویی دەمێننەوە ئەگەر لە تەقەمەنی پاك نەکرێنەوە و کەشێکی ئارامیش بۆ نۆژەنکردنەوەیان دروست نەکرێت. ئەمە مەترسییەکی گەورەشە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بەرە بەرە بۆ شارە گەورەکانی وەك رومادی و فەلوجە و موسڵ و تەلەعفەر دەگەڕێنەوە. بە گوێرەی مەزەندەکانیش ئەو ناوچانە چەندان ساڵیان پێویستە بۆ ئەنجامدانی رووپێو و پاککردنەوەیان لە تەقەمەنی پێش ئەوەی وەك ناوچەی بێ مەترسیی تەقەمەنی رابگەیەنرێن.

لەمبارەوە، د. سیریل نوون، باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عیراق، وتی "کارەکانی پاککردنەوەی مین رزگاکەری ژیانن. حکومەتی ئەڵمانیا پابەندە بە پشتگیریکردنی کاری مین هەڵگرتنەوە لە عیراقدا لە پێناو سووککردنی مەترسیی هەڕەشەکانی پارچە نەتەقیوەکان. کاری مین هەڵگرتنەوە بنچینەی ئاسانکاریکردنی گەڕانەوەی رێکوپێکانەی ئاوارە ناوخۆییەکانە بۆ سەر زێدی خۆیان و هەروەها بۆ ئەنجامدانی چالاکییە مرۆیی و سەقامگیرییەکانیش".

سەبارت بە ئاژانسەکەش، بەرپرسی بەرنامە لە عیراق وتی "کۆمەکی بەخشندانەی حکومەتی ئەڵمانیا دەبێتە پاڵپشتییەکی گەورەی کارەکانی ئەو ئاژانسە لە پێناو گەڕانەوەی ئارەزوومەندان و شکۆمەندانەی سەدان هەزار ئاوارەی ناوخۆیی بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان لە ناوچە تازە رزگراوەکاندا".

*پەیوەندی :*

*تکایە پەیوەندی بە بەرپرسی بەرنامەی "ئونماس"ەو بکەن بە ئیمێڵی* lodhammar@un.org